پزیشکیان: ئاگربە‌ست لە‌ لوبنان مە‌رجێکی سە‌رە‌کی پێشنیارە‌ 10 خاڵیيە‌کە‌ی ئێرانە‌

مە‌سعود پزیشکیان، سە‌رۆك كۆماری ئێران رایگە‌یاند، ئاگربە‌ست لە‌ لوبنان، مە‌رجێکی سە‌رە‌کی پێشنیارە‌ 10 خاڵیيە‌کە‌ی تارانە‌و جە‌ختیشدە‌کاتە‌وە‌ کە‌ وڵاتە‌کە‌ی بە‌توندی وە‌ڵامی هە‌ر دە‌ستدرێژییە‌ك دە‌داتە‌وە‌.

مەسعود پزشکیان، سەرۆك كۆماری ئێران لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ محمەد شەهباز شەریف، سەرۆک وەزیرانی پاکستان رایگە‌یاندوە‌، هەنگاوەکەی ئێران بۆ قبوڵکردنی پێشنیاری پاکستان بۆ ئاگربەست، سەرەڕای چەندین پێشینەی پێشێلکردنی بەڵێنەکان و پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان لەلایەن ئەمریکاوە، نیشاندەری ڕێبازێکی بەرپرسانەی ئێرانە؛ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان دەبێت ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ فشارخستنە سەر دەستدرێژیکاران تاوەکو هەڵە ستراتیژییەکانیان دوبارە نەکەنەوە.

بە‌پێی میدیای ئێران پزیشکیان جەختی کردۆتەوە کە ئەم ڕێبازە مەرجدارە بە پابەندبوونی ڕاستەقینەی لایەنە نەیارەکان بە بنەماکانی دانوستان و پابەندبوون بە بەڵێنەکانیان.

سەرۆک کۆماری ئێران ئیدانەکردنی چەند حاڵەتێکی پێشێلکردنی ئاگربەستی کردووە و رایگەیاندووە، ئێران بەتوندی وەڵامی هەر دەستدرێژییەک دەداتەوە.

پزیشکیان ئەوەشی خستەڕوو، ناسەقامگیری لە گەرووی هورمز و کەنداودا دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی دەستدرێژییە سەربازییەکانی ئەمریکا و ڕژێمی زایۆنییە، و دابینکردنی ئاسایشی ئەم ڕێڕەوە ئاوییە گرنگە بەستراوەتەوە بە ڕاگرتنی تەواوەتی ئەم دەستدرێژییانە.

هەروەها جەختیشی کردەتەوە کە ئێران تەواوی پێشنیارە 10 خاڵییەکەی خۆی وەک چوارچێوەیەک بۆ ڕاگرتنی جەنگ ڕاگەیاندوە، کە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی چەسپاندنی ئاگربەستە لە لوبنان.

بەپێی میدیای ئێران لای خۆیەوە شەهباز شەریف، سەرۆک وەزیرانی پاکستان، جەختی لەسەر پێویستی پابەندبونی هەمو لایەنەکان بە ئاگربەست کردەتەوە و ڕایگەیاندووە، هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان، وەک بەشێک لە لێکتێگەیشتنەکە، دەبێت دەستبەجێ ڕابگیرێن.

شەهباز شەریف هەروەها جەختی لەسەر ئامادەیی ئیسلام ئاباد کردەتەوە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ هەمو وڵاتانی ناوچەکە بۆ مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئاشتی، سەقامگیری و ئاسایش لە کەنداو و ناوچەکەدا.